پاکێجی زانیاری

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 2024





*لە ٢٧ ی ئابی ٢٠٢٤

ئامادەکراوە لەلایەن:

نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنەکانی یونامی، بە هاوکاری لەگەڵ بەشی ڕاگەیاندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

# ناوەڕۆک


1. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە
2. زانیاری لەسەر ناوچەی هەڵبژاردن
3. پێشەکی
4. ڕووداوە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن
5. ڕۆڵ و مافی چاودێران
6. متمانەپێدان بە میدیا
7. چاودێریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن
8. سکاڵا و تانەدان
9. ڕەفتارنامەی لایەنە سیاسییەکان و کاندیدەکان
10. هەنگاوەکانی دەنگدان

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان 2024

## پاکێجی زانیاری

## ڕۆژی دەنگدان

7 صباحًا - 6 مساءً

October 18 — ١٨ی تشرینی1: دەنگدانی تایبەت هێزە ئەمنیەکان

October 20 — ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤: دەنگی گشتی

## کۆی دەنگدەران

2,899,578

١٨ی 10: ئەو دەنگدەرانەی کە بە شێوەیەکی تایبەت دەنگ دەدەن

215,960

هێزە ئەمنیەکان

20 أكتوبر: التصويت العام

2,683,618

1,486,461 — 1,413,117

## موظفو الاقتراع

40,901

## متطلبات التصويت

الحضور شخصيًا مع البطاقة البيومترية

## مرشحين

1196

827 — 369

## بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا

**ئامێری پشتڕاستکردنەوەی دەنگدەر (VVD)**

پشتڕاستکردنەوە و ناسینەوەی دەنگدەر

**سکانەری بنکەی دەنگدان (PCOS)**

بۆ دەنگدان و تۆمارکردنی دەنگەکان

**سیستەمی گواستنەوەی ئەنجامەکان (RTS)**

ئەنجامەکان بە شێوەیەکی پارێزراو بە بەکارهێنانی بەستەری مانگی دەستکرد دەگوازێتەوە

## کورسیەکان

100

کۆتای ئافرەتان 30%

کۆتای کەمینەکان 5

## بنکەی دەنگدان

1431

## وێستگەی دەنگدان

7067

بنکەکانی دەنگدان - دەنگدانی گشتی 1266

بنکەکانی دەنگدان - دەنگدانی تایبەت 165

## سکاڵا و تانە

لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە ڕێکەوتی سەرپێچییەکان، دەتوانرێت سکاڵا پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، هەروەها بنکەکانی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بکرێت.

ڕێنماییەکان لە ماڵپەڕی کۆمیسیۆن - ihec.iq بڵاوکراوەتەوە

لە 27 ـی ئابی 2024

UNAMI Office Of Electoral Assistance

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

## زانیاری دەربارەی بازنەکانی هەڵبژاردن

| | کۆی گشتی | هەڵەبجە | سلێمانی | هەولێر | دهۆک |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی دەنگدەران | 2,899,578 | 59,300 | 1,008,412 | 933,115 | 682,791 |
| دەنگدەرانی مێینە | 1,41,3117 | 30,401 | 524,538 | 494,216 | 363,962 |
| الناخبون | 1,486,461 | 32,482 | 558,710 | 521,372 | 373,897 |
| کۆی کورسیەکان | 100 | 3 | 38 | 34 | 25 |
| کورسی کۆتا | 5 | - | 1- مەسیحی<br>1- تورکمانی | 1- مەسیحی<br>1- تورکمانی | 1- مەسیحی |
| پاڵێوراوانی مێینە | 1193 | 54 | 518 | 395 | 226 |
| پاڵێوراوانی پیاو | 369 | 22 | 163 | 118 | 66 |
| بنکەکانی دەنگدان | 1431 | 28 | 534 | 560 | 297 |
| کارمەندانی ڕۆژی دەنگدەران | 40,901 | 28 | 16188 | 14835 | 9878 |

لە 27ـی ئابی 2024

# پێشەکی

هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤بەڕێوەبچێت، بۆ دیمەنی سیاسی هەرێم گرینگە .ئەم هەڵبژاردنانە دوای زنجیرەیەک پێشهاتی یاسایی و سیاسی دێت، لەوانە بڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کە بازنەکانی هەڵبژاردنی داڕشتەوە و پشکی دیاریکراوی بۆ ژنان و کەمینەکان دیاریکرد .کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکات، شەفافیەت و دادپەروەری مسۆگەر دەکات .هەڵبژاردنەکان وەک هەنگاوێکی جەوهەری سەیر دەکرێن بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری سیاسی و شەرعیەت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی درێژکردنەوەی ماوەی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بە نادەستووری ناسێندرا .هە ڵبژاردنەکان پێکهاتەی پەرلەمانی هەرێم دیاری دەکات کە ڕۆڵێکی بە رچاو لە حوکمڕانی و ئاراستە ی ئایندەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگێڕێت.

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم هەڵبژاردنە بریتین لە دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن، بەلایەنی کەمەوە %30ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان تەرخانکراوە، لە کۆی 100 کورسی 5کورسی بە تایبەتی بۆ کەمینەکان تەرخانکراوە.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بۆنە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردنی هەیە، لەوانەش دڵنیابوون لە دادپەروەری و شەفافیەتی هەڵبژاردنەکان.

دەنگدانی گشتی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ئەنجام دەدرێت .دەنگدانی تایبەت بۆ هێزە ئەمنییەکان لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ئەنجام دەدرێت .بنکەکانی دەنگدان لە کاتژمێر ٧: ٠٠بەیانی تا ٦: ٠٠ئێوارە کراوە دەبن بۆ پرۆسەی دەنگدان، لەوانەش ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی و دەستی دەنگەکان.

دوای تەواوبوونی دەنگدان لە ماوەی ٢٤کاتژمێردا ئەنجامە بەراییەکان ڕادەگەیەنرێت.

ئەم پاکێجە زانیارییەوەک دەروازەیەکە بۆ زانیاری بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٤ی هەرێمی کوردستان.

## پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق

1

- پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە پرۆسەی حوکمڕانی و یاسادانانی هەرێمی کوردستان .وەک دەزگای نوێنەری سەرەکی بۆ خەڵک کاردەکات، دڵنیایی دەدات لەوەی کە بەرژەوەندی و خواستەکانی دانیشتوانی هەرێم لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێن.

2

- هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بنەڕەتییە لە بەرەوپێشبردنی حوکمڕانی دیموکراسیدا، هاوڵاتییان بتوانن نوێنەران هەڵبژێرن کە ئەرکی دەرکردنی یاسا و سەرپەرشتیکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی نیگەرانی ناوخۆییە .ئەم هەڵبژاردنانە بەشدارن لە سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی فراوانتری سیستەمی فیدراڵی عێراقدا.

3

- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ژمارە 1ی ساڵی 1992ـی هەموارکراو، بە خستنەڕووی چوارچێوەی یاسایی کە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی دادپەروەر و شەفاف و گشتگیر دەستەبەر دەکات، جەخت لەسەر گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە دەکاتەوە .یاساکە گەرەنتی نوێنەرایەتیکردنی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەکات، لەوانەش تەرخانکردنی کۆتا بۆ ژنان و کەمینەکان، بەمەش پێکهاتەیەکی حوکمڕانی دادپەروەرانەتر و دیموکراسیتر فەراهەم دەکرێت.

# خشتەی ڕووداوە سەرەکییەکانی بەرەوپێشبردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٤)١

**25ی شوباتی 2022**

پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاند، کە سەرەتا بڕیاربوو لە 1ی تشرینی یەکەمی 2022بەڕێوەبچێت .بەڵام ناکۆکی لەسەر یاسای هەڵبژاردن و بازنەکانی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی کەمینەکان و تۆماری دەنگدەران پرۆسەکەی دواخست .جگە لەوەش، لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٩، ئەرکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان کۆتایی هاتبوو، سەرەڕای چەندین داواکاری، کارا نەکرابووەوە.

**تشرینی یەکەمی 2022**

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕایگەیاند کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تاکە دەسەڵاتی بەرپرسیارە لە بابەتی هەڵبژاردنەکان لە سەرانسەری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

**9ی تشرینی یەکەمی 2022**

پەرلەمانی کوردستان دەنگیدا بە درێژکردنەوەی ماوەی چوار ساڵەی ئێستای یاسادانان بۆ ماوەی ساڵێک، تا مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بۆ ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن و هەوڵەکانی بنیاتنانی تواناکان ببەخشێت.

**30ی ئایاری 2023**

دادگای فیدراڵی درێژکردنەوەی ماوەی خولی پەرلەمانی کوردستانی بە "نادەستووری "زانی و بە شێوەیەکی کاریگەر دەسەڵاتی یاسادانانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە .سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک کاربەڕێکەر دیاری کران تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ . سەرەتا کە بڕیار بوو لە ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ئەنجام بدرێت، هەڵبژاردنەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤دواخرا

**ئابی 2023**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 25ی شوباتی 2024ی وەک وادەی نوێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕاگەیاند.

**2ی کانونی دووەمی 2024**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ئاگادارکردەوە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە 25ی شوباتی 2024دا ناکرێت ئەنجام بدرێت، بە ئاماژەدان بە ئاستەنگی کردایی .کۆبوونەوەیەک لە ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٤، کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و یونامی تێیدا بەشداربوون، بووە هۆی ڕێککەوتن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە نێوان ٥-١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٤.

**21ی شوباتی 2024**

دادگای فیدراڵی بڕیاریدا کە هەرێمی کوردستان لە جیاتی تاکە بازنەی پێشوو، بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێت .هەروەها لە بڕیارەکەدا دووپاتی کردووەتەوە کە لە کۆی 100کورسی پەرلەمان لانی کەم 30%بۆ ئافرەتان تەرخانکراوە.

**18ی ئاداری 2024**

پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری کشانەوەی لە هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاند و نیگەرانییەکانی لەبارەی نوێنەرایەتی کەمینەکان و دابەشکردنی کورسییەکان بەرزکردەوە .یونامی و کۆمەڵگەی دیپلۆماسی هەوڵیان دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

# خشتەی ڕووداوە سەرەکییەکانی بەرەوپێشبردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2024 (2)

**7ی ئایاری 2024**

بەهۆی نەبوونی پێشکەوتن و فەرمانی دۆخی ئێستای دادگای باڵای فیدراڵی، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەموو ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنەکانی ڕاگرت.

**20ی ئایاری 2024**

دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان بڕیاریدا 5کورسی لە کۆی 100کورسی بۆ کەمینەکان تەرخان بکرێت

**21ی ئایاری 2024**

ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی دا بە درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی کۆمیسارانی ئێستای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی شەش مانگ، تا ٦ی ١ی ٢٠٢٥، بۆ ئاسانکاری بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

**دوای مانگی ئایاری ٢٠٢٤**

دوابەدوای ئەم پێشهاتانە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە پاڵپشتی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی، خشتەی هەڵبژاردنەکانی نوێکردەوە و وادەی نوێی هەڵبژاردنی ٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشنیار کرد .

**26ی حوزەیرانی 2024**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانێکی هەرێمی دەرکرد، ڕۆژی 20ی تشرینی یەکەمی 2024ی وەک وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاریکرد .نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی پشتگیری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کرد لە نوێکردنەوەی خشتەی کاتی هەڵبژاردنەکان و ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

## ڕۆڵی چاودێرانی ناوخۆیی

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، چاودێرانی ناوخۆ ddڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە بەرزکردنەوەی شەفافیەت و متمانەپێکراوی پرۆسەی هەڵبژاردن .بەرپرسیاریەتیە سەرەکییەکانیان بریتین لە:

- **چاودێریکردن :** چاودێران لە وێستگەکانی دەنگدان چاودێری ڕێوشوێنی هەڵبژاردن دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی یاسا بەڕێوەدەچێت.
- **ڕاپۆرتکردن :** هەر نارێکی و پێشێلکارییەکی پرۆسەی هەڵبژاردن تومار دەکەن و بۆ ڕێکخراوەکانی خۆیان ڕاپۆرتیان دەکەن.
- هەڵسەنگاندن :دوای هەڵبژاردن، چاودێرانی ناوخۆ دەتوانن هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ بۆ دادپەروەری و شەرعیەتی پرۆسەکە ئەنجام بدەن.
- **متمانەی گشتی:** بوونیان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دڵنیاکردنەوەی دەنگدەران کە هەڵبژاردنەکە بێلایەنانە بەڕێوەدەچێت، ئەمەش دەتوانێت متمانەی گشتی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکان زیاتر بکات.

**تۆمارکردن:**

گروپەکانی چاودێرانی ناوخۆیی یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئارەزومەند و شارەزاکان دەتوانن تا ١٠ڕۆژ پێش هەڵبژاردن لە ئۆفیسەکانی پارێزگاکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان خۆیان تۆمار بکەن .فۆرمی ناو تۆمارکردن و بەڵگەنامە پێویستەکان لە ماڵپەڕی IHEC بەردەستە https://ihec.iq/25723/2023/07/ -

چاودێران ناتوانن **سکاڵا** تۆمار بکەن؛ بەڵام دەتوانن هەر پێشێلکارییەک تۆمار بکەن و وەک پێشنیار لە ڕاپۆرتەکەیاندا بیخەنە ڕوو.




# چاودێری نێودەوڵەتی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن

- **مەرجەکانی متمانەپێدان :**تیمەکانی چاودێری نێودەوڵەتی، لەوانەش دەزگا دیپلۆماسییە حکومییەکان و قەوارە ناحکومییەکان، پێویستە ڕەزامەندی فەرمی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگرن و لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە باوەڕپێکراو بن بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان متمانە دەبەخشێتە تیمەکان نەک چاودێرانی تاکەکەسی.

- **ڕەفتارنامە:** چاودێرانی نێودەوڵەتی دەبێت پابەندبن بە ڕەفتارنامەیەک کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەرچووە، کە ماف و ئەرکەکانیان دیاری دەکات .چاودێران قەدەغەکراون دەستوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان یان تۆمارکردنی سکاڵا بکەن بەڵام دەتوانن کێشەکان بۆ ستافی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕاپۆرت بکەن بۆ گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو.
- ئەوانەی ئارەزومەندن دەتوانن فۆڕم لە ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دابەزێنن )فۆرمی ١٣١و فۆرمی ١٣٢(
- فۆرمی :131فۆڕمی تۆمارکردنی تیم -زانیاری دەربارەی تیمی چاودێری لەگەڵ خاڵی پەیوەندی
- فۆرمی :132فۆڕمی متمانەپێدانی چاودێران –ناوەکان لەگەڵ وردەکارییەکان )چاودێری نێودەوڵەتی، وەرگێڕ و پاسەوان(

**پشتیوانی لۆجستی** .تیمە متمانەپێدراوەکانی چاودێری نێودەوڵەتی بەرپرسیارن لە دابینکردنی تێچووی خۆیان، لەوانە ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕاهێنان، گواستنەوە، پەیوەندیکردن و شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەیە.بۆ ئاسانکاری کاری چاودێرانی متمانەپێدراوی نێودەوڵەتی، ڕێگەیان پێدەدرێت وەرگێڕ و کارمەندانی ئەمنی هاوەڵیان بکەن.

**ڕێکەوت :**بەپێی خشتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دوا ڕێکەوت بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە 10ی تشرینی یەکەمی 2024ـە.

بۆ زانیاری زیاتر *https://ihec.iq/international-observers/* -

## مافی بریکار و چاودێران

لەوانەیە کاتێک ستافی دەنگدان دەگەن لەوکاتەی چاودێران بچنە ناو ناوەندێکی دەنگدان و بمێننەوە تا تەواوبوونی دەنگدان، ژماردنی ئەلیکترۆنی و دەستی، پرۆسەی جیاکردنەوە، هەڵگرتنەوە و ڕادەستکردنی کەرەستەکان. دەتوانن کۆدی مۆر و ژمارەی دەنگدەران لە تێبینیەکانیان تۆمار بکەن و چاودێری هەموو پرۆسەکانی ناو وێستگەی دەنگدان بکەن، تەنها کاتێک نەبێت کە دەنگدەران لە کابینەی دەنگدان دەنگ دەدەن.

لە کاتی دەنگدان ڕێگەیان پێدراوە لە نێوان وێستگەکانی دەنگدان لەناو ناوەندەکەدا هاتوچۆ بکەن. بەڵام پێویستە لە کاتی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی و دەستیدا لە یەک وێستگەی دەنگدان بمێننەوە.

دەتوانن داتاکان لەسەر فۆرمی هاوتاکردنی وێستگەی دەنگدان ٤١ واژۆ بکەن و تۆمار بکەن و فۆرمی ڕاپۆرتی ئەنجامەکان ژمارە ٤٢ واژۆ بکەن.

دەتوانن بەدوای ئەو بارهەڵگرەدا بچن کە کەرەستەی دەنگدانی هەڵگرتووە بۆ سەنتەری تۆمارکردنی دەنگدەران (VRC)یان کۆگای نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا، یان بۆ ناوەندی وردبینی و ڕاپۆرتکردن. ڕێگەیان پێنادرێت بە هیچ ئۆتۆمبێلێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هاتووچۆ بکەن.

بریکارانی حزبە سیاسیەکان یان هاوپەیمانیەکان مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا تۆمار بکەن بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمی سکاڵا 110، کە لەلای ڕێکخەری ناوەندی دەنگدان بەردەستە. لە کاتێکدا چاودێران ناتوانن سکاڵای فەرمی تۆمار بکەن، بەڵام دەتوانن لە ڕاپۆرتە گشتییەکانیاندا نیگەرانییەکانیان بۆ ئەو ڕێکخراوانە ڕابگەیەنن کە نوێنەرایەتیان دەکەن.

بۆ ئاسانکاری کاری چاودێرانی متمانەپێدراوی نێودەوڵەتی، ڕێگەیان پێدەدرێت وەرگێڕ و کارمەندانی ئەمنی هاوەڵیان بکەن.

## متمانەپێدان بە میدیا

- **متمانەپێدان بە میدیای ناوخۆیی:**

میدیا ناوخۆییە تۆمارکراوەکان دەتوانن فۆڕمی متمانەپێدان پێشکەش بە نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگانی کۆمسیۆن لە هەرێمی کوردستان بکەن.




- **متمانەپێدانی میدیا نێودەوڵەتیەکان**

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی دەتوانن فۆڕمی متمانەپێدان پێشکەشی فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ جێبەجێکردن و پەسەندکردنی.

- **ڕێکەوت:**

بەپێی خشتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دوا ڕێکەوت بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە 10ی تشرینی یەکەمی 2024ـە .

## چاودێریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لیژنەیەکی ناوەندی چاودێری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دامەزراندووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵمەتە سیاسییەکان لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان .جگە لەم دەزگا ناوەندییە، هەر نووسینگەیەکی هەڵبژاردنی کۆمسیۆن لە هەرێمی کوردستانی عێراق لیژنەی لاوەکی تایبەتی خۆی هەیە کە تایبەتە بە چاودێریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، دڵنیابوون لەوەی کە هەموو چالاکیە سیاسییەکان لە نزیکەوە چاودێری دەکرێن .ئەم ڕێکارانە بۆ پاراستنی نەزاهەتی پرۆسەی هەڵبژاردن و دڵنیابوونە لە پابەندبوون بە ڕێساکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان.

## پرسیار :سکاڵای هەڵبژاردن چییە؟

لەوانەیە تۆمەتەکان سەبارەت بە نارێکییەکانی هەڵبژاردن و پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان بە درێژایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان سەرهەڵبدەن . ئەمانە دەتوانن پەیوەندییان بە بوارەکانی وەک تۆمارکردنی کاندید و دەنگدەران، بانگەشەی هەڵبژاردن، دەنگدان، ژماردن و جیاکردنەوە و ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان هەبێت .ئەو کەس و لایەنە سیاسیانەی کە مافی هەڵبژاردنیان لێ زەوت کراوە، سنووردار کراوە، یان پێشێل کراوە، مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا تۆمار بکەن بۆ چارەسەری کێشەکە .مافی پێشکەشکردنی سکاڵا لە دژی نارێکییەکانی هەڵبژاردن و دەستگەیشتن بە چارەسەری یاسایی پێکهاتەیەکی سەرەکین لە دەستەبەرکردنی نەزاهەتی هەڵبژاردن.

## کێ دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات؟

دەنگدەرانی شایستە و بریکاری پارتە سیاسییەکان و هاوپەیمانییەکان و کاندیدەکان دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن .چاودێران ناتوانن ڕاستەوخۆ سکاڵا تۆمار بکەن بەڵام دەتوانن ڕاپۆرت پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی خۆیان بکەن، کە ئەگەر پێویست بکات ڕەنگە ڕێوشوێنی زیاتر بگرنەبەر.
هەر پێشێلکارییەکی هەڵبژاردن پێویستە لە **ماوەی دوو ڕۆژدا** لە دوای ئەو پێشێلکارییەی کە گوایە کراوە ڕاپۆرت بکرێت.



## پرۆسەی تۆمارکردنی سکاڵا چییە؟

ڕاپۆرتێکی ورد کە ناو و زانیاری پەیوەندیکردنی سکاڵاکار و وەسفێکی وردی ڕووداوەکە بە شێوەی نووسراو پێشکەش بکرێت .پێش ڕۆژی هەڵبژاردن دەتوانرێت سکاڵا پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکرێت لە فەرمانگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان .

## کەی کەسێک دەتوانێت سکاڵا پێشکەش بکات؟

سکاڵا سەبارەت بە دەنگدان و ژماردنی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا دەبێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا پێشکەش بکرێت، لە کاتژمێری دەست پێکردنی دەنگدانەوە دەستپێدەکات تا کۆتایی فەرمی ڕۆژی دەوامی دواتر.

سکاڵا لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا لە ڕێکەوتی سەرپێچییەوە تا کۆتایی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن پێشکەش بکرێت.

## سکاڵاکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟

هەموو سکاڵاکان دەگوازرێنەوە بۆ فەرمانگەی نیشتمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ پێداچوونەوە و بڕیاردان لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیاران .سەبارەت بە سکاڵاکانی ڕۆژی هەڵبژاردن، لیژنەکانی پۆلێنکردن، کە لە ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیاران و کارمەندانی بەشی سکاڵا و تانەدان لە ئۆفیسی نیشتمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێکهاتوون، دیاری دەکەن کە ئایا سکاڵایەک مەرجە فەرمیەکانی تێدایە و ئایا دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەنگەکان هەبێت، وەک لە حاڵەتەکانی گومانی ساختەکاری .ئەم کەیسانە لەسەر بنەمای ئەولەویەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

## ئایا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سکاڵاکاران لەبارەی بڕیارەکە ئاگادار دەکاتەوە؟



بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دوای دەرچوونیان لە ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڵاودەکرێنەوە.

## چۆن تانە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمار بدەین؟

دەتوانرێت تانەدان لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان (EJP)بدرێت کە لە سێ دادوەر پێکهاتووە .تانەدانەکان دەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژدا دوای بڵاوبوونەوەی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیاران پێشکەش بکرێن، یان لە ئۆفیسی نیشتمانی، نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، نووسینگەی کۆمسیۆن لە کوردستان، یان ڕاستەوخۆ بۆ دەستەی دادوەری هەڵبژاردن.

ئەنجومەنی کۆمسیاران دەبێت لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لە وەرگرتنی تانەکان وەڵامی داواکاری و پرسیارەکانی دەستەی دادوەری هەڵبژاردن بداتەوە سەبارەت بە تانەکان .دواتر دەستەی دادوەری هەڵبژاردن لە ماوەی 10 ڕۆژدا لە وەرگرتنی وەڵامی ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیار لەسەر تانەدانەکە دەدات.
بڕیارەکانی دەستەی دادوەری هەڵبژاردن کۆتایی و پابەندکەرن.



بۆ زانیاری زیاتر:
https://ihec.iq/complaints-and-appeals/

## Øکێ مافی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆمار بکات؟

1.دەنگدەر
2.بریکاری حزبی سیاسی، هاوپەیمانی یان کاندیدی تاکەکەسی.
3.کاندید (مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا لە بنکەی دەنگدان تومار بکەن کە کاندیدەکە وەک دەنگدەر ناوی هەیە.)

## Øچۆن سکاڵا لە ڕۆژی دەنگدان پێشکەش بکرێت؟


سکاڵاکار دەتوانێت فۆرمی سکاڵای ژمارە 110لە ڕێکخەری ناوەندی دەنگدان، نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا، یان نووسینگەی نیشتمانی وەربگرێت .پێویستە سکاڵاکە لە ماوەی ٤٨کاتژمێر لە کۆتایی هاتنی دەنگدان پێشکەش بکرێت.

**فۆرمی سکاڵا پێویستە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:**

1.ناو و ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردنی سکاڵاکار .
2.ناو و زانیاری پەیوەندیکردنی ئەو کەسەی سکاڵای لەسەر کراوە
3.وردەکارییەکانی ئەو پێشێلکارییەی کە گوایە کراوە، لەوانە ڕێکەوت و کات و شوێن و بارودۆخ.
4.ناو و زانیاری پەیوەندی هەر شایەتحاڵێک کە پشتگیری لە کەیسی سکاڵاکە دەکات (ئەگەر هەبێت.)
5.هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار یان بەڵگەیەکی تر کە پشتگیری لە سکاڵاکە بکات.
6.واژۆی سکاڵاکار
7.سکاڵاکان نهێنین؛ بۆیە پێویستە سکاڵاکار فۆرمی سکاڵا پڕبکاتەوە و ڕێکەوتی لەسەر بنووسێت و واژۆی لەسەر بکات، دواتر دایبخات و پێشکەشی بکات.

# پرۆسەی دەنگدان هەنگاو بە هەنگاو

#1



کارتی دەنگدەری بایۆمەتری پێشکەشی کارمەندی ناسینەوە بکە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی وردەکارییەکانتان )لەوانەش وێنە.(

#2




کارتی دەنگدەرەکەت بخە ناو نامێری پشتڕاستکردنەوە .نامێرەکە کارتەکە دەخوێنێتەوە و داتای دەنگدەرەکانت پیشان دەدات .

#3




بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەنجەمۆر، پەنجەیەک لەسەر شاشەکە دابنێ بەو جۆرەی ڕێنمایی دەکرێیت.

#4




کارمەندی ناسینەوە کۆدی QRی دەنگدانەکە بە نامێری پشتڕاستکردنەوەی دەنگدەر (VVD)سکان دەکات.

#5



دوای پشتڕاستکردنەوە، کارتەکەت و پەڕەی دەنگدانەکە لە کارمەندی پێدەری پەڕەی دەنگەکان وەربگرەوە.

#6



واژۆ یان پەنجەمۆری لە تەنیشت ناوەکەت لە لیستی دەنگدەران بکە.




#7




بڕۆ بۆ کابینەی تایبەت بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی بە نهێنی دەنگت بدەیت.

#8




دوای دەنگدان پەنجەی شایەتمان لە حوبرەکە نوقم بکە و دڵنیا بە تەواوی نینۆکەکە دەگرێتەوە .تا وشک دەبێتەوە مەیسڕەوە.



#9

پەڕەی دەنگدانەکەت بخەرە ناو نامێری PCOS.



# دانانی پەڕەی دەنگدان لە ناو ئامێری PCOS

## 01

دەنگدەر پەڕەی دەنگدانەکە دەخاتە ناو PCOSبۆ ئەوەی لە یەک کاتدا لە هەردوو لاوە سکان بکرێت، دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە بە دروستی دانراوە، ڕووی خوارەوە دانراوە، بۆ پاراستنی نهێنی دەنگەکان .

## 02

کۆدی QRی پەڕەی دەنگدانەکە دەخوێندرێتەوە و لەگەڵ لیستی کۆدەکانی QRکە لەلایەن VVDلە ڕێگەی کەیبڵەوە هەناردە دەکرێن بۆ PCOS هاوتا دەکرێت، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە دەنگدانەکە لەلایەن VVD-ەوە پرۆسێسکراوە.

## 03

هێمای تیک لەسەر دەنگدانەکە دەخوێندرێتەوە و وەک دروست یان نادروست دیاری دەکرێت، پاشان ئەژمار دەکرێت و جیا دەکرێتەوە و دەنگەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی دەژمێردرێت.

## 04

دوای ئەوەی PCOSدەنگدانەکە سکان دەکات، دەنگدانەکە دەخاتە ناو سندوقەکە، دواتر پەیامی 'دەنگدان بە سەرکەوتوویی درا 'لەسەر شاشەکە دەردەکەوێت.

# ڕەفتارنامەی لایەنە سیاسییەکان و هاوپەیمانی و کاندیدی تاکەکەسی

بۆ پاراستنی ئاستێکی بەرزی پیشەیی و پابەندبوون بە ستاندەرە دانپێدانراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەو چالاکییانەی کە بریکارەکانی حزبە سیاسییەکان ئەنجامی دەدەن، بەم بنەمایانەی خوارەوە ڕێکدەخرێن.

- **پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکان :** ئەو بریکارانەی کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان متمانەپێدراون پێویستە دان بە یاسا ڕەواکانی عێراقدا بنێن و لە هەموو بارودۆخێکدا ڕێزیان لێبگرن.
- **ووردی :** پێویستە بریکارەکان ڕاستگۆ و متمانەپێکراو بن.
- بابەتی بوون :بریکارەکان پێویستە پشت بە هەڵسەنگاندنی گشتگیر و وردی هەموو بارودۆخەکان و ڕاستییە پەیوەندیدارەکان ببەستن لە کاتی دیاریکردنی ئەنجامەکانیان.
- **سەربەخۆیی :** پێویستە بریکارەکان بە ئازادی بڕیار بدەن، بەبێ هیچ دەستوەردان و کاریگەرییەک، بەگوێرەی سەروەری یاسا.
- **بێلایەنی :** چاوەڕوان دەکرێت بریکارەکان بێلایەنانە دان بە بەرژەوەندییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەها بنەڕەتییەکانی دیموکراسیدا بنێن و کار بۆ پاراستنی ئەو بەهایانە بکەن.

## بریکارەکان پێویستە:

1. بە هێمنی مامەڵە بکەن، ڕێزگر لە ستافی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و هەموو بەشداربووانی هەڵبژاردن بگرن.
2. دوور بکەنەوە لە هەڵگرتنی چەک یان نیشاندانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە شوێنەکانی هەڵبژاردن.
3. بێلایەن بمێننەوە، لە ڕێگەی کردار یان جل و بەرگەوە لایەنگری نیشان نەدەن.
4. ڕەتکردنەوەی دیاری یان خزمەتگوزاری لەلایەن هەر لایەنێک یان کاندیدێک.
5. دەستوەردان لە کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان یان کەسانی دیکە نەکەن کە لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدارن.
6. پەیڕەوی یاسای عێراق و ڕێساکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن.
7. پابەندی ڕێنماییەکانی ستافی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بن، بەڵەخۆگرتنی فەرمانی چوونە ژوورەوە یان دەرچوون لە شوێنەکانی هەڵبژاردن.
8. پرۆسەی هەڵبژاردن پەک نەخات.
9. نیشانەی ناسنامە بە شێوەیەکی دیار لەبەر بکات و خۆت بە ستافی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بناسێنێت.
10. پاراستنی نهێنی دەنگدان و دوورکەوتنەوە لە شوێنی دەنگدان.
11. کاریگەری لەسەر دەنگدەران دروست نەکات یان نهێنی دەنگدان تێک نەدات.

## بریکاری حزبی سیاسی مافی ئەوەی هەیە ...........:

1. چاودێریکردنی هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.
2. دەستگەیشتن بە زانیاری دابینکراو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
3. بە ئازادی لەگەڵ لایەن و هاوپەیمانی و چاودێرانی تردا پەیوەندی بکات.
4. نیگەرانییەکانت بخە ڕوو و سکاڵاکردن لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
5. دەستگەیشتن بە ناوەندەکانی دەنگدان بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
6. واژۆکردنی بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکان بە ئامادەبوونی من وەک شایەتێک.